Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.27 01:04:08 +01'00'

# برامان برایی . . کیسەمان جیایی

**نەوزاد وەلی . سوید**

کورد گەنجینەیەکی مەزنی هەیە لە پەند و ئەزمون و تاقیکردنەوەکانی نەوەکانی ، بەلاّم بەداخەوە خۆی سود لەو پەندانە وەرناگرێت.

چل دانە ساڵی ڕەبەقە ، واتە لە ساڵی 1964 بەدواوە و تا ئەمڕۆ ، دووبەرەکییەکی کوشندە دروستبووە لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەماندا لە باشوری ولاّتدا.

ئەو سەردەمە کە کۆمەڵی (برایم ـ جەلال) ، واتە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیی لە پارتی ترازان! هەردوو لا بانگی ئەوەیان ئەدا بە گوێی جەماوەری گەلدا کە ئەو لێکترازاندنەیان بە هۆی کۆمەڵێك کێشەی فیکریی ، سیاسی و ڕێکخراوەییەوەیە!

پاش ماوەیەکی کەم ناڕاستیی پروپاگەندەکانیان دەرکەوت و ڕۆشنبیران و دڵسۆزان هاواری ئەوەیان ئەکرد کە ئەو ناکۆکیی و لێکترازاندنە ، تەنیا لەسەر دەسەلاّتە و هیچ جیاوازییەکی ئایدیۆلۆجیی ، سیاسی و ڕێکخراوەیی لەنێوانیاندا نیە!.

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە و بەتایبەتیی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کە یەکیەتی نیشتمانیی دروستبوو کە (لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکیشدا) ڕۆڵێکی بالاّی بینی لە خەباتی چەکداریی و شۆڕشی نوێدا ، ئیتر لێرەوە دووبەرەکی و ناکۆکیی پێی نایە ناو دژوارترین قۆناغەوە.

یەکیەتی بە زەبری چەك (دەسەلاّت)ی خۆی سەپاند بەسەر زۆربەی ناوچەکانی سنوری چالاکییەکانی خۆیدا ، لەبەرئەوەش کە دەسەلاّت و (پارە) دوو ڕووی دراوێکن ، بۆیە دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی (یارمەتی و پارە) بۆ شۆڕش ، لە ناوەوە و دەرەوەی شار و شارۆچکەکاندا و دەیان بازگەی گومرگییان دامەزراند ، هەروەها دادگای شۆڕش و بڕیاری (غەرامە) و مان و نەمانی زۆر کەسیان دەرئەکرد و ..تد. واتە بە کردەوە بوون بە هاوتای برادەرانی پارتی کە ساڵانێك پێش ئەوان و بەتایبەتیی لە ساڵی 1970 بەدواوە و تا نسکۆکە ، خاوەنی دەسەلاّتی بێپایان بوون لە باشوری ولاّتدا.

لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی گەلەکەمان هاواریان ئەکرد و جەماوەریان هۆشیارئەکردەوە کە دووبەرەکییەکەی نێوان برایانی پارتی و یەکیەتی هەر هەمان دووبەرەکییەکەی ناوەڕاستی شەستەکانە و تەنیا لەپێناوی دەسەلاّتدایە.

هەروەها لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا زنجیرە بەیەکدادانەکانی پشتئاشان و قەرناقاو و ڕەزگە و بالیسان و کوێ و کوێ دەستیپێکرد کە هەر هەمان سیناریۆی دەسەلاّت بوون.

لەدوای ڕاپەڕینەوە و سەرەتای سەردەمی نیوەئازادیی ، دووبەرەکی نێوان پارتی و یەکیەتی لەسەر (دەسەلاّت و پارە) خوێناویترین وەرچەرخانی بەخۆیەوە دی!. شەڕە کوردکوژییەکان ، هەزاران کوژراو و بریندار و سەرگەردانییبوونی خێزانەکانیان ، دەیان هەزار ئاوارە لە هەردوو ناوچەی دەسەلاّتیاندا ، دروستبوونی دوو حکومەت و تەنانەت دوو کلتوری

سیاسی جیاواز و شێواندنی زۆربەی بنەماکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ، شاهیدن بۆ ئەو وەرچەرخانە خوێناوییەی مێژووی دووبەرەکی لەپێناوی (دەسەڵات و پارە)دا.
قەدەر و زەمانە وای ڕێکخستووە کە لە دەوروبەری هەموو چوارەم ساڵی دەیەیەکدا ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنەی بزوتنەوەی نیشتمانیی و ڕزگاریی گەلەکەمان بە خەستیی سەرهەڵبداتەوە و هەر جارەش ڕەنجی دەیان ساڵی خەباتی گەلەکەمان و خۆشیان بە فیرۆ ئەدەن!.
لەم ڕۆژانەدا کە ساڵی (2004)ە و من بە سروشتیی و لە ئەنجامی ئەزمونی ژیانمدا لە باشوری وڵاتدا و مێژووی دووبەرەکییەکەی نێوان پارتی و یەکیەتی ، بە دەست خۆم نیە و لە ژمارە چوار ئەترسم ، هەر وەك 64 ، 74 ، 84 ، 94. لە هەمان کاتیشدا هەواڵەکان وا ئەگەیەنن کە دوو بەڕێوەبەرایەتییەکە یەکئەگرنەوە. ئەمەش مایەی دڵخۆشیی و شادیی و پێزانینە ، بەڵام کلۆڵییەکە لەوەدایە کە ئەوەی چل دانە ساڵە لەسەری ڕێکنەکەوتوون کە (دەسەڵات و پارەیە) ، بەداخەوە وا ئەم جارەشیان هەر لەسەری ڕێکنەکەوتوون و بڕیاری (برامان برایی و کیسەمان جیایی)یان داوە ، واتە هەموو بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکان یەکئەخەنەوە ، جگە لە وەزارەتی (دەسەڵات ـ ناوخۆ و پێشمەرگە) و وەزارەتی (پارە ـ دارایی).
ئەگەر ئەم هەواڵانە ڕاست بن ، ئەوا برادەرانی پارتی و یەکیەتی ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە چل دانە ساڵە دووبەرەکییەکان و ناکۆکیی و کێشەکانیان تەنیا لەسەر دەسەڵات و پارە بووە و وا ئەمڕۆ بە ئاشکرا دانیانپیادانا و هەر ئەیانەوێت کە دەسەڵات و پارە لەژێر کۆنترۆڵی یەك دوو کەسی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانیاندا بێت!.
ئەگەر برایانی سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی کەمێك لۆجیکییانە لەگەڵ کێشەکاندا هەڵسوکەوتیان بکردایە! ئەوا ئەبووایە پێش هەموو شتێك ئەو دوو وەزارەتی (دەسەڵات و پارە)یەیان یەکبخستایەتەوە کە میکرۆبی نەخۆشییەکانن و کرۆکی کێشەکانن. گومان لەوەدا نیە کە بە نەمانی ئەو گرێ دەرونییەی دەسەڵات و پارە ، هەموو بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکان بە ئاسانیی و ئەوتۆماتیکیی یەکئەگرنەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەمان بە پێچەوانەوە ڕێککەوتوون و لەبری سەری ماری ناکۆکییەکان بگرن ، کلکیان گرتووە! هەمووشمان ئەو ڕاستییە باش ئەزانین کە مار تا سەری پاننەکرێتەوە ، هەر مەترسیدارە.
ئایا ئەوە لۆجیکە کە وەزارەتەکان یەکبگرنەوە ، بەڵام بودجە و خەرجییەکانیان لە دوو مەکتەبی سیاسی و بەناو لە دوو وەزارەتی داراییەوە وەربگرن؟ کام لایان زۆر بدات و کامیان کەم؟ ئایا بە ففتی ـ ففتی ئەیقەبڵێنن؟ ئایا مێژوو دووبارە ئەکەنەوە؟ و سەدان (ئایا)ی تر.
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ساڵیش چوارەم ساڵە لەم دەیەیەدا کە وەك وتم جێی مەترسییە ، بەڵام ئاسۆیەك دیارە و ئیتر کەس بواری خۆدزینەوەی نەماوە لە ئەرکە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان و جەماوەری گەلی کوردستان لە ڕۆژگاری گلۆڵە و سەردەمی نوێدا ، هەر وا بە ئاسانیی و وەك جاران بە بارودۆخەکە ڕازیی نابێت.
ئەم سەردەمە .. سەردەمی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردە و ئەوەی لە بەرژەوەندە ڕاستەوخۆکانی گەل و نیشتمان لابدات ، ڕیـــــوا ئـــــەبـــــێـــــت.
2004-1-24